

# باخچیلە لە کوینزلاند

## باخچیلە چیە؟

باخچەی ساوایان کە بە باخچیلە  ناسراوە، پرۆگرامێکی پەروەردەیی

نیوەکاتییە بۆ منداڵان لە ساڵی پێش ئامادەکاری (ساڵی یەکەمی خوێندن لە کوینزلاند) باخچیلە شوێنێکە کە منداڵەکەت لە ڕێگەی ئەزموونی یاریکردن و تێکەڵاوبونەوە ئەزموونی سەرەتای پەیدادەکات و فێردەبێت، هاوکاری دەبێت لە گەشەکردنی سەرەتای و باشی و پەرەبەخۆدان و بەرەوپێشچونی. بە بەشداریکردن لە باخچیلە منداڵان فێری خۆشەویستی زانست و فێربوون و پەرەپێدان دەبن و پشتگیریان دەبێت بۆ قۆناغی گواستنەوایان بۆ پێش قوتابخانە.

حکومەتی کوینزلاند پرۆگرامی باخچیلەی پەسەندکردوە و لەلایەن مامۆستایانی شارەزا لە خوێندنی پێش سەرەتایی پێشکەش دەکرێن. پرۆگرامەکانی باخچیلە لە ناوەندەکانی پەروەردەی سەرەتایی منداڵان پێشکەش دەکرێن؛ قوتابخانە هەڵبژێردراوەکانی گوندەکان و قوتابخانە دوورەدەستەکان و هەڵبژێردراوەکانی دیکەی ویلایەت کە منداڵان بەربەستیان هەبووە بۆ چوونە ناو باخچەی ساوایان؛ و لە ڕێگەی خوێندنی دوورەوە یان باخچیلە بۆ هەندێک منداڵ کە ناتوانن بچنە ناو ناوەندێک

## فێربوون لە باخچیلە

باخچیلە دەرفەت بۆ منداڵانی بچووک دەڕەخسێنێت کە:

- زمان بەکار بهێنێت بۆ گەیاندنی بیرۆکە ، هەست و سۆز و پێداوییستییەکان.
- دۆزینەوەی هاوڕێ ، کارلێککردن وتێکەڵاوبوون و هاوکاریکردن لەگەڵ کەسانی دیکە.
- دەستنیشانکردنی کێشەکان و پەرەپێدانی تواناکانی چارەسەرکردنی کێشەکان.
- متمانە بەخۆبوونی زیاترو سەربەخۆبوون لە تواناکانیاندا.
- پەیوەندی کردن و گەڕان و بەشداریکردن و تێکەڵاوبوون لەگەڵ جیهانی خۆیاندا.
- زانست و زانیاری فێربن و بیرۆکەی نوێ تاقیبکەنەوە، یارمەتیدەریان دەبین بۆ بنیاتنانی متمانەبەخۆبوون تیایاندا.

## چۆنیەتی ناو تۆمارکردن

لە کوینزلاند، منداڵان دەتوانن لە ساڵی پێش دەستپێکردنی قوتابخانە بەشداری بکەن. هەر خزمەتگوزارییەک جیاوازە و ڕەنگە هەندێک باخچیلە لیستی چاوەڕوانییان هەبێت. بۆیە باشترە لەگەڵ ئەو باخچیلەیەی هەڵیدەبژێریت قسە بکەیت دەربارەی باشترینکات بۆ ناونوسکردنی منداڵەکەت.

منداڵەکەت دەبێت تەمەنی ٤ ساڵان بێت تا ٦/٣٠ (حوزەیران)ی ئەو ساڵەی کە ناوی تۆماردەکەیت بۆ بەشداریکردن لە باخچیلە.

| ئەگەر منداڵەکەت لە دایکبووی | منداڵەکەت دەتوانێت بچێتە باخچیلە لەساڵی |
|---|---|
| ی تەمموزی 2018 تا ۳۰ی حوزەیرانی 2019 | 2023 |
| ی تەمموزی 2019 تا ۳۰ ی حوزەیرانی 2020 | 2024 |
| ی تەمموزی 2020 تا ۳۰ ی حوزەیرانی 2021 | 2025 |
| ی تەمموزی 2021 تا ۳۰ ی حوزەیرانی 2022 | 2026 |
| ی تەمموزی 2022 تا ۳۰ ی حوزەیرانی 2023 | 2027 |
| ی تەمموزی 2023 تا ۳۰ ی حوزەیرانی 2024 | 2028 |

ئەوەی پێویستە بۆ ناونوسکردنی منداڵەکەت:

- ناو و ناونیشانی منداڵەکەت
- زانیاریەکانی تۆ وەک دایک و باوک، یان چاودێر یان سەرپەرشتیاری منداڵ
- وردەکارییەکانی هەر فەرمانێکی دادگا یان فەرمانێک یان پلانێکی پەروەردەکردنی منداڵ
- زانیاری پێویست دەربارەی هەر پێداویستیەکی زیاتر کە پێویستە بۆ منداڵ بۆ نمونە (کەمئەندامی، حەساسیەتی خۆراک یان هەر پێداویستییەکی تر)
- بەڵگەی بەروای لەدایکبوون (بۆ نموونە بڕوانامەی لەدایکبوون)
- دۆخی تەندروستی و کوتان
- زانیاری دەربارەی ئەو کەسانەی کە ڕێگەیان پێدراوە منداڵەکەت ببەنەوە لە باخچیلەوە (هەڵبگرن)و وە ئەو کەسانەی کە لە حاڵتی لەناکاودا ئاگادار بکرێنەوە

باخچەی ساوایان ئەم زانیاریانە بە نهێنی دەهێڵێتەوە و تۆ بەتەواوی ڕێگەپێدراویت کە دەستت بە تۆمارەکانی منداڵەکەت بگات.

## هەڵبژاردنی بەرنامەیەکی باخچیلە

هەموو منداڵانی کوینزلاند مافی بەشداریکردنیان لە پرۆگرامێکی پەسەندکراوی باخچەی ساوایان هەیە لە ساڵی پێش دەسپێکردنی خوێندن.

پرۆگرامە پەسەندکراوەکانی باخچەی ساوایان کە لەگەڵ ڕێنماییەکانی حکومەتدا دەگونجێت، بریتین لە:

- بەرنامەکانی فێربوون لەلایەن مامۆستایانی شارەزاوە لە فێربوونی پێش سەرەتای پێشکەش دەکرێت، بەپێی ڕێنماییەکانی حکومەت.
- بەشێوەیەکی ئاسای بۆ ماوەی ١٥ کاتژمێر لە حەفتەیەکدا ، ٤٠ حەفتە لە ساڵێکدا ، بۆ ئەو منداڵانەی کە ساڵی پێش قوتابخانەیانە.
- هاوتەریب لەگەڵ ڕێنماییەکانی فێربوونی باخچەی ساوایانی کوینزلاند وە پرۆگرامەکانی تری فێربوونی باوەڕپێکراو لەلایەن دەسەڵاتی مەنهەج و هەڵسەنگاندنی کوینزلاند.

بۆ یارمەتیدانت لە دیاریکردنی بەرنامەیەکی پەسەندکراوی حکومەتی کوینزلاند ، بەدوای نیشانەی ڕاستی( )پەسەندکردنی باخچیلەدا بگەڕێ کە وەک لەو وێنەیەی خوارەوەدا دیارە.

220233

## نرخی باخچیلە بەچەندە ؟

لە ساڵی ۲۰۲۳ وەوە حوکومەتی کوینزلاند باخچیلە هەرزانتر دەکات بۆ زۆرێک لە خێزانەکانی کوینزلاند. چ بچیتە باخچیلە بە شێوەی نیوەیی یان باخچەی ساوایان بۆ چاودێری هەموو ڕۆژانە، ڕەنگە تۆ شایستەی باخچیلەی بێبەرامبەر بیت یان باخچیلەی هەرزانتر.(نرخ داشکاو)

کرێی باخچیلەی بە پێی خزمەتگوزارییەکە دەگۆڕێت. بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە نرخەکان پەیوەندی بکە بەو باخچیلەیەی کە هەڵیدەبژێریت هەروەها دەتوانیت سەردانی ماڵپەڕی www.qld.gov.au/kindysavings بکەیت بۆئەوەی بزانیت ئایا شایستەی باخچیلەی هەرزانتر یان بێبەرامبەریت.

باخچیلە بە خۆڕایی یان بەنرخی داشکاو بۆ خێزانە شایستەکان دابین دەکرێت، وەبۆ ئەو خێزانانەش کە منداڵی بێسەرپەرشت بەخێودەکەن ، وەکو:

- هەڵگری کارتی چاودێری نوێیٚ تەندروستی حکومەتی ئوستراليا (HCC)ی بیت (یان منداڵێکت هەبێت کە کارتی چاودێری تەندروستی (HCC) هەبێت).
- لە ئێستادا خاوەنی کارتی مافی ئیمتیازاتی خانەنشینی حکومەتی ئوسترالیای (مافە ئۆتۆماتیکیە شایستەکانی HCCی).
- هەڵگری کارتی زێرینی یان کارتی سپی بەشی کاروباری شەڕکەرە دێرینەکان بیت.
- هەڵگری بەڵگەنامەی فەرمی بیت ، وەکو نامەیەک(بەڵگەنامەیەک) ، لەدەزگای پەیوەندیدارەوە کە هۆکارو مەبەستی دەرکردنی HCC ڕوونبکاتەوە.
- بەڵگەی فەرمی سەرپەرشتیکردن (بەخێوکردن) یان چاودێری خزمایەتیت هەبێت.
- خۆیان وەکو ڕەسەن / یان خەڵکی دوورگەی گەرووی تۆریس بناسێنن (یان منداڵێکیان هەبێت) کە خەڵکی ئەویٚ بێت.
- سیٚ منداڵ یان زیاتریان هەبێت ، کە لە هەمان تەمەندابن، لەهەمان ساڵدا ناویان تۆمار کرابێت.
- منداڵێکیان هەبێت کەناسێنرابێت بەفەرمی لەلایەن ڕێکخستنی فەرمی پاراستنی منداڵ(چایەڵد پرۆتێکشن)وە بژی
- هاتبێتنە ناو ئوسترالیاوە بەپێی پرۆگرامی پەنابەران یان بەرنامە مرۆیەکانی حکومەتی ئوستراليا، یان لە پرۆسەی داوای پەنابەریدان و هەڵگری فیزەی کاتین.

بڕی یارمەتیەکان ڕاستەوخۆ بە باخچە ساوایانەکان(باخچیلەکان) دەدریٚ تا خزمەتگوزاریەکانیان بە خۆڕایی یان بە نرخی داشکاو پێشکەشی ئێوە بکەن.

لەوانەیە ئەمە کەمێک هاوکارت بێت تا مەسرەفی خەرجییەکانت لەسەر کەم ببێتەوە. تەنها یەک جار مافی ئەم داشکانەت هەیە تەنانەت ئەگەر شموولی چەندین پێوەری لای سەریشەوە بکەیت.

هەروەها ئەو خێزانانەی کە شایستەی یارمەتی باجی خێزانی حکومەتی ئوسترالیان، یان (وەریدەگرن) ، لەوانەیە لەهەمان کاتدا شایستەی داشکاندنی نرخەکانبن لە باخچیلە.

هەروەها خێزانی ئەو منداڵانەی کە بەشداری لە بەرنامەیەکی باخچیلەدا دەکەن لە شوێنی چاودێری، هەموو ڕۆژدا، لەوانەیە شموولی شایستەی یارمەتی چاودێری منداڵانی حکومەتی ئەستراليا بن.

زانیاری سەبارەت بە شایستەبیت بۆ ئەم یارمەتیانەی حکومەتی ئوستراليا لە سەنتەرلینکەوە دەست دەکەوێت.

**بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم لینکەی خوارەوە بکەن**
**www.qld.gov.au/kindy**